# شانۆی شەقام.. تەکنیک و نمایش

حەمەسوار عەزیز

(١ - ٢)

**شانۆ هەمیشە لە شەقام بووە**

بەدرێژایی بیست و پێنج سەدەی تەمەنی شانۆ هەرگیز لە شەقام دانەبڕاوە، شانۆ لەنێو پەرستگا و شوێنە گشتی و شەقامەکانەوە دەستی پێ کردووە و هەر لەوێش بەردەوامی بە گەشەکردنی خۆی داوە، وەک کردەیەکی سیزیفیش هەمیشە بۆ شەقام دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی پێوەندی لەگەڵ جۆرێکی تری بینەر ببەستێت، بینەرێک کە شانۆ دەتوانێت هەڵوەستەی پێ بکات و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەرکی بوونی خۆی لەو شوێنە لەبیر بکات و ئەزموونێکی تازە ببینێت.

شانۆی شەقام ئەو نمایشەیە کە لە دەرەوەی هۆڵە تایبەتەکانی شانۆ پێشکەش دەکرێت و بینەرێک دەیبینێت، کە بۆ بینینی نمایشەکە پارەی نەداوە و تایبەت بۆ نمایشەکە لەوێ نییە، بەو واتایەی لە شانۆی شەقام کەسانێک هەن کە بینەرن، بەڵام بینەری شانۆ نین و ڕەنگە هەندێک لەوانە بۆ یەکەم جار نمایشێکی شانۆیی ببینێت، ئەم کردارەش وەک دۆزینەوەی نەوت لە زەوی و زێڕ لە ڕووبارەکان تازە و قورسە، چونکە شانۆ ناچارە لە شوێنی نوێ و لەبەردەم خەڵکی نوێدا بەدوای خۆیدا بگەڕێت و خۆی پێناسە بکاتەوە.

بەدرێژایی مێژووی شانۆ هەمیشە تێگەیشتن لە چەمکی شانۆ و شانۆی شەقام تێگەیشتنێکی جیاواز بووە بە جیاوازی ژینگە و کات و سەردەم و فەرهەنگ، ئەمە جگە لە تێگەیشتنی خودی ئەو شانۆکارانەی کە شانۆییان لە دەرەوەی هۆڵەکان پێشکەش کردووە، شانۆی شەقام لە شوێنە گشتییەکانی وەک ( شەقام و باخچە و پارک و گەراج و چایخانە و چێشتخانە و...تاد) پێشکەش کراوە، لەوەش زیاتر لای شانۆکاری ئەڵمانی (ماکس ڕاینهارت) جیهان هەموو تەختەی شانۆ بووە، بۆیە دەبینین شانۆگەری (فاوست) لەسەر لووتکەی چیای سالزبۆرگ نمایش دەکات، لە شانۆگەری (موعجیزە)



**دیمەنێک لە شانۆیی «کێ لەگەڵمە»**

شانۆکەی وا فراوان دەکات بەشێوەیەک هەموو شارەکە دەگرێتەوە و ئەکتەرەکان دەخاتە سەر بورجی کلێسەکانی شار و هاوار بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەکەن.

ئەم ئەزموونانە بەدرێژایی مێژووی شانۆ بوونێکی بەردەوامیان هەبووە و هەیە، لە ئەمریکا ڕۆبەرت ویلسۆن لە نمایشکردنی شانۆگەری ( چیای کا ) لە ساڵی ١٩٧٢ (سی ئەکتەر) دەخاتە سەر لووتکەی حەوت شاخی جیاواز و نمایشەکەی بۆ چەندان شەو و ڕۆژ بەردەوام دەبێت و زۆرینەی نمایشەکەش پشت بە ئیرتیجال دەبەستێت، لە ئینگلتەرا (جون لیتلوود) کە وەرشەی شانۆ دادەمەزرێنێت داوا لە ئەکتەرەکانی دەکات بچن بۆ شەقام و کارگەکان، چونکە پێی وابوو شانۆ تەنیا لەنێو هۆڵەکان نییە و هەموو جیهان پڕە لە شانۆ.

لای شانۆکاری ئەمریکی بەڕەگەز ئەڵمانی ( پیتەر شۆمان) شانۆ وەک نان پێویستە، بۆیە شانۆکەی ناو دەنێت (نان و بووکەڵە) و لەدوای هەموو نمایشێکیش پارچەی نان پێشکەش بە بینەرانی دەکات.

ئەو بینەرانەی کە ناچن بۆ شانۆ لای شومان ئەوانە چاکترین بینەرن و جیاوازن لەو بینەرە بەنجکراوانەی کە هەمیشە دێنە نێو هۆڵەکان و بەهەمان شێوەی جاران لەسەر هەمان کورسی دادەنیشن، ئەمە وا دەکات وەرگرتن و کاردانەوەیان دیاریکراو بێت.

ئەگەر سەیری ئەو نموونانە و سەدان نموونەی وەک (شانۆی زیندوو، شانۆی کراوە، شانۆی چەوساوەکان، تەختەی دووەم، شانۆی ئۆدین، شانۆی ڕۆژ، سکوات، شانۆی چایخانە،...تاد) بکەین، دەبینین هەر یەک لەمانە بە تێگەیشتن و مەبەستی جیاوازەوە کاریان لە شانۆی شەقام کردووە، هەر لە گەڕان بەدوای خودی ئەکتەر و بینەری نوێدا تا دەگاتە بەرەنگاربوونەوەی سیاسی و ناساندنی شانۆ بۆ ئەوانەی شانۆ ناناسن، نەهێشتنی نەخوێندەواری و هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی هەر میللەتێک لە میللەتانی دنیا، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەمیشە لە شەقامدا نمایشی جیاواز پێشکەش کراوە لە نمایشکردنی تێکستە کلاسیکییەکان تا دەگاتە شەکسپیر و مولێیر و برێخت و بیکێت و یۆنسکۆ و ڤایس و زۆرینەی نووسەرانی شانۆ، ئەمە جگە لەو نمایشانەی کە تێکست ڕەت دەکەنەوە، یان پشت بە تێکستی شیعری، یان ئیرتیجال، یان سەما و گۆرانی، یان پانتۆمایم دەبەستن، سروشتی شانۆکەش زۆر پشت بە تێکست نابەستێت و زیاتر کار لەسەر ئیرتیجال دەکات، بۆیە زۆرینەی کات لەجیاتی تێکست بیرۆکە بەکاردێت.

تێگەیشتنی جیاوازی شانۆی شەقام لە دوو لاوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەمیان تێگەیشتنی جیاواز بۆ خودی شانۆ وەک چەمک و هونەر، دووەم شوێن و کات و زەمەن و کولتوور کاریگەرییان بەسەر فۆرم و تێگەیشتنی شانۆی شەقامەوە هەبووە، بەڵام هەموویان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە هاتنە سەرشەقام کردارێکی خۆڕسکی نییە و مەبەستێکی لەپشتەوەیە، ئەو مەبەستەش پاساوی جیاوازی هەبووە بە گوێرەی کەسەکان و کات و شوێن و ژینگە و کولتووری ئەو دەڤەرە.

## تەکنیکەکانی شانۆی شەقام

قسەکردن لەسەر تەرزەکانی شانۆی شەقام و تەکنیکە بەکاربراوەکانی ئەو شانۆیە، قسەکردنێکی ڕێژەییە بە پشت بەستن بەو ئەزموونە شانۆییانەی کە بەرمان دەکەوێت، لە هەموو حاڵەتێکدا داڕشتنی یاسا و ڕێسا، یان هەر چوارچێوەیەک ئەگەر لە زەمەنی ئەرستۆ تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بە شێوەیەک لە شێوەکان جێگەی قبووڵ بووبێت، ئەوە بێ گومان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و بەتایبەتتر دوای هەزارەی سێیەم ئەم کارە یەکجار قورسە و زۆر بە زەحمەت دەتوانین شانۆ وەک هونەرێکی هەمیشە بزۆک و گۆڕاو گرێبەندی هیچ یاساو دەستوور و قاڵبێکی دیاریکراو بکەین، چونکە هەر لەو کاتەی ئێمە باسی ئەو بنەمایانە دەکەین، لە هەمان کاتدا لە چەندان شوێنی جیاوازی ئەم جیهانە نمایشی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچن و زۆرینەشیان لەبەردەم هیچ بنەما و چوارچێوەیەکی دیاریکراو، تەنانەت ئەگەر گریمانەییش بێت، دانامێنن و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە هەر نمایشە و خەسڵەت و چوارچێوە و سیمای تایبەتی خۆی هەبێت و لە دەرەوەی تێگەیشتنە باوەکان بێت.

بۆیە قسەکردن لە چەند تەکنیکێکی شانۆی شەقام

مەرج نییە ببێتە تەرازووی پێوانەکردنی نمایش و ئەو نمایشانەی هەڵگری ئەو تەکنیکانە نەبن بخرێنە دەرەوەی شانۆی شەقام و پێناسەی شەقامیان لێ وەربگرینەوە.

یەکەم تەکنیک لە سەرەتای دەستپێکی نمایش و ساتەکانی پێش دەست پێ کردنی نمایش دەست پێ دەکات، ئەم نمایشە بۆ ئەوەی لە شەقام سەرنجی خەڵک رابکێشێت، دەبێ لە سەرەتای نمایش و پێش نمایشیش لە رووی رەنگ و دەنگەوە لە شەقام ئیعلانی بوونی خۆی بکات، ئەوەش بەوە دەکرێت کە دەنگێکی جیاواز لەو دەنگانەی شەقام دروست بکرێت بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک بۆ نمایشەکە و دەستپێکی نمایشەکە رابکێشن، ئەو دەستپێکە دەنگییەش دەکرێت لە رێگەی گۆرانی، یان موزیک، یان هەر دەنگێکی بەرزی ترەوە بێت، کە ئیقاعی لە دەنگەکانی شەقام جیاوازتر بێت و کاردانەوە لای گوێگر دروست بکات و بەدوای سەرچاوەکەیدا بگەڕێت.

تەکنیکی دووەمیش کە لە رێگەی رەنگەوە دەکرێت لە جلوبەرگ و ماکیاژدا رەنگ دەداتەوە، جلوبەرگ فاکتەرێکی گرنگی سەرنجڕاکێشانی بینەرە لە شانۆی شەقام، دەرچوون و جیاوازبوون لە فۆرمی ئاسایی لە رێی جلوبەرگەوە وا دەکات بینەر وەک کەسێکی فزوولی دوای نهێنی ئەو جلوبەرگە بکەوێت و هەوڵ بدات تێبگات ئەو کەسانە بۆ لەو شوێنە بەو شێوە جیاوازە جلیان پۆشیوە، کە لەگەڵ جلو بەرگی ئاسایی خەڵکی ئەو شوێنە و ناکۆکە نمایشەکەی تێیدا بەرێوە دەچێت.

ئەمە جگە لەوەی کە جلوبەرگ کاریگەری گەورەی لە دروستکردنی فۆرمی کۆمیدی نمایش هەیە، کە دواتر لە قسەکردن لەسەر بابەت و مژارەکانی شانۆی شەقام هەڵوەستەی لەسەر دەکەین.

رەگەزێکی تری گرنگ و جیاوازی ئەم نمایشە کاتێ دێتە سەر شەقام، ماکیاژە، ماکیاژ لە شانۆی شەقام هاوشانی جلوبەرگ وەزیفەی گەورەی لە سەرشانە و زۆرجار هاوشانی جلوبەرگ لە گەیاندنی پێناسەی کارەکتەرەکان و بابەتی نمایش بە بینەر بەرپرسیارە، بە تایبەتی ئەو بینەرەی کە ناتوانێت لەبەر غەڵبەغەڵب و دەنگەدەنگی شەقام دیالۆگ ببیستێت، یان ئەو نمایشانەی کە لە بنەڕەتەوە دیالۆگی تێدا نییە و جەستەی ئەکتەر و جووڵە و دەنگ و فۆرمی نمایش دەبێتە جێگرەوەی دیالۆگ بۆ گەیاندنی بابەتی نمایش، لە هەندێ نمایشیش ماسک بەکاردەهێنرێت کە شێوازێکی تری بەکارهێنانی ماکیاژە، جگە لە وەزیفەی پێناسەکردنی کارەکتەرەکان، وەزیفەیەکی تری سیمیۆلۆژی هەیە و هەندێک جاریش زیاتر لە رەسمکردنی فۆرمی کۆمیدی نمایش سوودی لێ وەردەگیرێت.

لێرەدا دەبێ لە شانۆی شەقام هەڵوەستە لەسەر ئێکسسوارە بەکارهێنراوەکانیش بکەین، پەنا بردن بۆ چەندان جۆرە ئێکسسواری سەیروسەمەرە وەک قاچی بەرز و بارۆکەی رەنگاورەنگ و کڵاوی سەیروسەمەرە و پێڵاوی گەورە و چەندان جۆرە ئێکسسواری تر دەتوانێت کاریگەری لەسەر سەرنجدانی بینەر و هەڵوەستەکردن و ئامادەکردنی وەک سرووتێکی تایبەت بۆ کرداری نمایش و گەڕان بەدوای نهێنییەکانی پشت ئەو ئێکسسوارە سەیروسەمەرانە هەبێت.

مامەڵەکردن بە دەنگ و موزیک و گۆرانیش رەگەزێکی گرنگی جیاوازی نمایشی نێو هۆڵ و نمایشی شەقامە، دەنگ و موزیک و گۆرانی یەکێکن لە بنەما سەرەکییەکانی شانۆی شەقام و هەندێک جار تەواوی نمایش لەسەر ئەو رەگەزە بینا دەکرێت و موزیک و گۆرانی شوێنی دیالۆگ دەگرنەوە و لە بەرەوپێشبردنی رووداوەکانی نمایش و دروستکردنی فۆرمی نمایش وەزیفەی دیالۆگ ئەدا دەکەن، جیاواز لەوەش لە نمایشی شەقام هەمیشە ئامێرە مۆسیقییەکان بە بەرچاوی بینەرەوە دەبن و دەبنە بەشێکی گرنگی فۆرمی نمایش و ناخرێنە پشت کەوالیسەکانەوە، زۆرینەی ستافی نمایش خۆیان لە بەرهەمهێنانی دەنگی نمایش بەشدار دەبن، واتە زۆرینەی دەنگەکان لە رێی ئەکتەر و ژەنینی ئەکتەرەکانەوە بەرهەم دێن، بۆیە جیاوازییەکی گەورە لە وەزیفەی دەنگ لە شانۆی شەقام هەیە بە بەراورد بە شانۆی نێو هۆڵ، رەنگە لە هەندێ نمایشی نێو هۆڵ دەنگ و موزیک و گۆرانی کاریگەری گەورەو سەرەکییان هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەنگ و موزیک لە زۆرینەی نمایشە داخراوەکانی تر ئەو پێگەیەی دەست ناکەوێت، بەڵام لە شانۆی شەقام پێگەی دەنگ و موزیک و گۆرانی پێگەیەکی بەهێزەو خاڵیکردنەوەی نمایشی شەقام لەم رەگەزە گرنگانە بەشێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی شانۆی شەقام ئاڵۆز دەکەن.

چەند رەگەزێکی تر لە شانۆی شەقام جیاوازی دروست دەکەن و خەسڵەتی شەقام بە نمایشەکان دەدەن، سەماو هەڵپەڕکێ و هەڵپەرکێی میللی یەکێکە لەو رەگەزانە کە بەزەقی لەنێو نمایشەکانی شانۆی شەقام ئامادەییان هەیە، هەندێک جار ئەم رەگەزە لە پاڵ وەزیفەی درامی، وەزیفەی تری کولتوورییان هەیە لە ناساندن و پێناسەکردن و خوێندنەوەی مێژووی دوور و نزیک و وەبیرهێنانەوەی دابونەریت و فۆرمە کۆنەکانی ژیان،



**دیمەنێک لە شانۆیی «بخۆر»**

ئەمەش گرنگی خۆی هەیە کاتێ تۆ فیستیڤاڵ بۆ شانۆی شەقام دروست دەکەیت و کۆمەڵێک کولتووری جیاواز لە زەمەن و ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو دروستکراوە.

ڕەگەزێکی تر کە شانۆی شەقام لە شانۆی هۆڵ جیادەکاتەوە، ئیقاع و ڕیتمی نمایشە، زۆربەی کات شانۆی شەقام بەوە دەناسرێتەوە کە ئیقاعێکی تایبەت و خێرای هەیە و فۆرمەکانی بەخێرایی دەگۆڕێن و وێنە شانۆییەکان وەک برووسکە و بەخێرایی بەدوای یەکدا دێن و نمایش هەوڵ دەدات لە کەمترین ماوە زۆرترین وێنە لای بینەر دروست بکات و سەرنجی ڕابکێشێت، ئەمەش بەوە دێتە دی کە هەموو ئەو ڕەگەزانەی لەسەرەوە باسمان کردن هاوکار بن لە دروستکردنی ئیقاعێکی پڕ لە زیندوویی و ژیانی بەردەوام، ڕیتمەکەش زۆر لە ئیقاعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی خێراتر بێت.

کات و زەمەنی نمایشیش کاریگەری خۆی لە دروستکردنی فۆرمی شانۆی شەقام هەیە، کارێکی سەختە تۆ بینەرێکی زۆر بۆ ماوەیەکی درێژ بەدیار نمایشێکی شەقامەوە بهێڵیتەوە، چونکە لە دەرەوەی فیستیڤاڵە شانۆییەکان کە بۆ شەقام سازدەکرێن، نمایشی شەقام بینەری دیاریکراو و بانگهێشتکراوی نییە، بۆیە زەمەنی نمایش لە ڕەگەزەکانی تر ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە قەناعەت پێکردنی بینەر کە بەدیار نمایشەکەوە بووەستێت و جێی نەهێڵێت، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا بۆ شانۆ لێرە نییە و تەنیا ڕێکەوتێک ئەوی کردووە بە بینەر، کە ڕەنگە کاتی زۆری نەبێت بەدیار نمایشەکەوە بگیرسێتەوە.

زۆر لە نمایشەکانی شەقامیش پەنا بۆ حیکایەتخوان، یان سەرپەرشتیکار، یان دروستکەری نمایش دەبەن، ئەمەش لە کەسێکدا کۆدەبێتەوە کە هەوڵ دەدات حیکایەتێک بۆ بینەر دروست بکات و سەرەتایەک بنووسێتەوە، کە دواتر بینەری ئەو شوێنە هاوکاری دەبن بۆ تەواوکردنی سەرەنجام و فۆرمی کۆتایی حیکایەتەکەی، بوونی ئەم کەسە بۆ پێوەندیکردن بە بینەرەوە زۆر گرنگە، چونکە ئەم کەسە وەک کەسێکی ئاسایی و هاوشانی بینەر دەست بە دروستکردنی حیکایەتەکەی دەکات و دواتریش ئەکتەر بۆ نمایشەکەی دروست دەکات، ئینجا ئەو ئەکتەرانە ئەکتەری مەشق پێ کراو بن کە خۆی یەکێکیانە، یان کەسانی ئاسایی بن، کە دەکرێت لەو ساتەو لەو نمایشەدا وەزیفەی ئەکتەر ببینن و دراماکە بەرەو پێشەوە ببەن.

هەندێک جاریش دەرهێنەر، یان نووسەر، یان هەر کەسێکی تر ئەو وەزیفەیە وەردەگرێت و دەبێتە ڕێکخەر و دروستکەری نمایش و بیرۆکە دەخاتەڕوو و بینەران بەشداری نێو نمایشەکەی دەکەن، یان چەند ئەکتەرێکی ئامادەکراو کە وەک بینەر ڕەفتار دەکەن، دەخاتە نێو نمایشەکە و نمایشەکە بەشێوەیەکی ئامادەکراو، یان بەشێوەیەکی ئیرتیجالی دەباتە پێشەوە.

تەکنیکێکی تر کە بەلای منەوە زۆر گرنگە لە شەقام بوونی هەبێت، ئەویش ئیرتیجالە، بە بڕوای من کاتێ شانۆ دێتە سەرشەقام نابێ شانۆیەکی داخراو بێت و پانتایی بەشداریکردن و لە خۆگرتنی بینەری نەبێت، یەکێک لە ئیجابیاتی شانۆی شەقام ئەوەیە کە هیچ دیوارێکی لەگەڵ بینەر نییە، نە دیواری چوارەم و نەهیچ دیوارێکی تر، بۆیە ئەکتیڤکردن و ڕۆڵبینینی بینەر لە شانۆی شەقام دەبێتە فاکتەرێکی گرنگی فۆرماتبوونەوەی شانۆ لە شەقام و جیاوازبوونی لە شانۆی هۆڵ، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە لە شانۆی شەقامدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئیرتیجال ببەسترێت و ئەکتەر هەردەم ئامادەبێت بۆ هەر شێوە بەشدارییەکی بینەر لە نمایشەکە و توانایی ئەوەی هەبێت بە بەشداریکردنی بینەریش نمایشەکە خەسڵەتی هونەری خۆی لەدەست نەدات و بەشداریکردنی بینەر بە خاڵێکی ئەرێنی بەسەر نمایشدا بشکێتەوە و ئەکتەر بتوانێت بەشێوەیەکی هونەری ئەو پردە لەنێوان مەبەستی نمایشەکە و خواستی بینەرانی ئەو نمایشە دروست بکات، کە هەندێکیان حەز دەکەن قسەیان لەسەر دراماکە هەبێت و دیدگاکانی خۆیان تێیدا ڕەنگ بداتەوە.

بەدەر لەوانەش بەلای منەوە گرنگترین تەکنیک لە شانۆی شەقام خودی بابەت و شێوازی گەیاندنی بابەتی نمایشە، وەک زانراوە کۆمیدیا گونجاوترین شێوازە بۆ گەیاندنی هەر بابەتێک لە شەقام، کۆمیدیا توانایییەکی سیحری هەیە کە وا لە بینەر دەکات بە نمایشەکەوە

بەسترێتەوە و زۆرترین کات بە نمایشەکە ببەخشێت و بابەتی نمایشەکە لە کورتترین ڕێگاوە وەرگرێت، بۆیە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەر نمایشێکی شەقام بەشێوەیەکی بنەڕەتی کارکردنیەتی لەسەر شێوازی کۆمیدی نمایش و بەرجەستەکردنی ئەو کۆمیدیایە لە فۆرمێکی هونەری بەدەر لە تەهریج و بێزارکردنی بینەر، ئەمەش کارێکی یەکجار قورسە، چونکە خودی ئەکتەری کۆمیدی لە هەموو دنیادا زۆر دەگمەنن و دروستکردنی فۆرمی کۆمیدیش پێویستی بەدەرهێنەر و نووسەری یەکجار بەتوانست هەیە کە بتوانێت باڵانس لەنێوان فۆرمی کۆمیدی نمایش و فۆرمی هونەری ڕابگرێت و نەکەوێتە داوی چەپڵە و پێکەنینی بینەر.

### تەرزەکانی شانۆی شەقام

قسەکردن لەسەر تەرزەکانی هەر کارێکی هونەری بە تایبەتی شانۆ، کارێکی یەکجار قورسە و بابەتەکە لەوە دەرناچێت کە ڕاستییەکی ڕێژەیی تێدایە و بە گوێرەی زەمەن و جوگرافیا و کولتوور، گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەو مانایەی ئەم جیاکاری و ڕیزبەندییە ئەگەر بۆ جوگرافیایەک و زەمەنێک بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ڕاستی نزیک بێت، ئەوە بێ گومان بۆ جوگرافیا و زەمەن و کولتووری تر، وێنە و سیمای تری دەبێت، کە دەکرێت لەو تێگەیشتنە کۆک، یان جیاواز بێت.

بەشێوەیەکی گشتی شانۆی شەقام لە ڕووی فۆرمی دروستکردنەوە بۆ دوو شێوە جیا دەکرێتەوە:

**١- شانۆیەک کە بۆ شەقام دروست دەکرێت:**

شانۆی دروستکراو بۆ شەقام ئەو تەرزە شانۆییەیە کە دەکرێت نووسەر و دەرهێنەر و سینۆگرافەر و هەموو تەکنیکە شانۆییەکانی هۆڵی تێدا بەکارهاتبێت، بەتایبەتمەندی شانۆی شەقامەوە، ئەم شانۆییە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەهێنرێتە شەقام و تێیدا پرسێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئابووری و فەرهەنگی دەباتە نێو خەڵکێک کە زۆرینەیان دەرفەتی قسەکردن و بەشداریکردنیان لاوازە لەو جۆرە پرسانە.

لەم نمایشە بەشێوەیەکی گشتی ئەکتەر پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بینەرەوە هەیە، ئەگەرچی پانتایی بەشداریکردنی بینەر وەک ئەکتەر و خوڵقێنەر و ئاراستەکردنی ڕووداو لەم نمایشەدا بەرتەسک کراوەتەوە و نمایشەکە پێشتر لەنێو فۆرمێکی هونەری بەرهەمهێنراوەو نمایشکردنی لە شەقام گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیماو خەسڵەتی نمایش دروست ناکات، بۆیە بوونی کوالیتییەکی هونەری بەرز لەم تەرزە نمایشە کارێکی چاوەڕوانکراوە بە حوکمی ئەوەی فۆرمی نمایش قابیلی گۆڕانکاری گەورە نییە و هەموو جووڵە و وێنەیەکی نمایش پێشتر بەرنامەی بۆ داڕێژراوە و پرۆڤە و مەشقی زۆری لەسەر کراوە.

بەو واتایەی کە نمایشەکە دێتە سەرشەقام نمایشێکی داخراوە و بە بوونی لە شەقام گۆڕانکاری گەورە لە فۆرمی نمایش ڕوونادات و نمایشەکە شەقام وەک تەختەیەکی شانۆی ئاسایی بەکاردەهێنێت و کەمتر کارلێک و کاردانەوەی لەگەڵ جوگرافیای شوێنەکە و زەمەن و خودی بینەرانی نمایشەکەدا هەیە، بەو مانایەی ئەو نمایشە ئەگەر لە مەریوان، یان تاران، یان هەولێر، یان تەنانەت لە وڵاتێکی ئەوروپیش نمایش بکرێت، ئامادەیی تێدایە کە پارێزگاری لە فۆرمی نمایش بکات و بە جیاوازییەکانی جوگرافیا و زەمەن و کولتوور کاریگەر نەبێت، کە لە تەرزی تری شانۆی شەقامدا لە دیاریکردنی فۆرم و مژاری نمایشدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان دەبێت.

ئەم نمایشە لە بنەڕەتدا نمایشی هۆڵە و دەکرێت لەسەر تەختەی شانۆیەکی ئیتاڵی، یان هۆڵێکی داخراو بە تەکنیکی نێو هۆڵ نمایش بکرێت، بەڵام کاتێک ئەم نمایشە بەهەر مەبەستێک دەهێنرێتە سەر شەقام، پێویستە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە سیما و فۆرمی نمایشدا بکرێت بۆ ئەوەی بۆ شەقام گونجاو بێت.

نموونەی ئەم نمایشە لە فیستیڤاڵی شانۆی شەقامی مەریوان یەکجار زۆرن و زۆرینەی نمایشە شانۆییەکانی ئەو فیستیڤاڵە بەو تەرزە دروست کراون، ئەمەش بە هۆی ئەوەی فیستیڤاڵەکە پێشبڕکێی تێدایە و زۆرینەی شانۆکاران هەوڵ دەدەن بە نمایشێکی تۆکمە و داخراو و بە کوالیتییەکی هونەری بەرزەوە نمایشەکانیان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن خەڵاتەکانی فیستیڤاڵ ببەنەوە، ئەمەش وای کردبوو لە زۆرینەی ئەو نمایشانەدا دەرگای بەشداریکردنی بینەر لە نمایشەکە داخراو بێت و نمایشەکە هەست بە بوونی بینەر نەکات، وەک نمایشی (مەلی دەریا )ی وڵاتی ئۆکراین و نمایشی کارگەی لەیل و مەجنوونی ئێران لە فیستیڤاڵەکە (دواتر بە درێژی باسی ئەو دوو نمایشە دەکەین)، هەندێ نمایشیش پانتایی بچووکیان بۆ بەشداری بینەر دروست کردبوو، وەک نمایشە شانۆییەکانی شاری مەریوان کە تایبەت بوون بە مەینەتی و دەردەسەری کۆڵبەران و پرسە نەتەوەییەکان، دواتر هەڵوەستەیەکی فراوانتر لەسەر دوو نمایشی کوردی شاری مەریوان دەکەین.

**٢- ئەو شانۆیەی لە شەقام دروست دەکرێت:**

ئەم تەرزە شانۆییە تایبەتە بە شانۆی شەقام و تەواوی نمایشەکە لەسەر بیرۆکەیەک نمایش دەکرێت کە چەند ئەکتەرێک بێ ئەوەی پێشتر مەشقی زۆریان لەسەر کردبێت لەنێو بینەرێکی شەقام دەیورووژێنن و هەوڵ دەدەن کە بینەرەکان ڕابکێشنە نێو دیالۆگەکانی نمایش و بینەر سەرپشک بکەن لەوەی نمایش بە هەر ئاقارێکدا ببات.

ئەم نمایشە بەشێوەیەکی گشتی پشت بە ئیرتیجال دەبەستێت و بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە نووسەر و دەرهێنەر نییە و ئەکتەر داینەمۆی نمایشە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زیندوو لەگەڵ بینەر دیالۆگەکانی نمایش دەنووسێتەوە، نووسینەوەیەک کە ناخرێتە سەر کاغەز و ڕاستەوخۆ ئەدا دەکرێت.

ئەم نمایشە پێویستی بە ئەکتەری زۆر تایبەتە کە خاوەن سەلیقەیەکی بەرز و کەسایەتی تایبەت بێت و توانایی بڕیاردان و دروستکردنی ڕووداوی هەبێت و خاوەن پاشخانێکی مەعریفی و کولتووری فراوان بێت، تا بتوانێت بە خێرایی و بەشێوەیەکی خۆڕسکی ببێتە بەشێک لەو دیالۆگ و فۆرمەی کە بینەری ئەو شوێنە بە نمایشەکەی دەبەخشێت و بۆ هەموو ئەگەرێکی والاو پێشهاتێکی لەناکاو ئامادە بێت.

ئەم جۆرە نمایشە پێوەندی پتەوی بە زەمان و شوێنەوە هەیە و هەمیشە شوێن و کاتەکان بەشێوەیەکی دیراسەکراو دەستنیشان دەکرێن، بۆیە ئەم نمایشە هەموو خاسیەتەکانی شانۆی شەقامی تێدایە لە هاتنە دەرەوەی نمایش بۆ ئەو پانتاییەی دەرەوەی هۆڵ پاساو و ئامانجی خۆی هەیە و نمایشەکە بەگوێرەی زەمەن و شوێن گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت و هیچ نمایشێک لە کاتی دووبارەکردنەوەی لە نمایشەکەی پێشووتری ناچێت و هەمیشە نمایشێکی تازە و جیاواز دروست دەکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەر نمایشێک جگە لە ئەکتەرە سەرەکییەکان کە ڕۆڵ دەگێڕن، کۆمەڵێک کارەکتەری ئەو شوێنەی تێ دەکەوێت کە نمایشەکەی تێدا دروست دەکرێت و ئەو کارەکتەرانەش جیاواز لەوانەی پێشووی خۆیان نمایشەکە دروست دەکەنەوە و بەو فۆرمە دەینووسنەوە کە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی ئەو کەسانە دەبێت کە لە دەرەوەی ستافی نمایش بەشداری ئەو نمایشە دەکەن.

بابەت لەم نمایشە وەک بیرۆکە لەلایەن ستافی نمایشەوە بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام چارەسەر و دەرهاویشتەکان دەکەونە دەست بینەری نمایشەکە کە وەک ئەکتەر لە ئاراستەکردنی نمایشەکە بەشداری دەکەن و ئەو بیروڕایانەی تێدا ڕەنگ دەدەنەوە کە بینەری ئەو نمایشە پێداگرییان لەسەر دەکات و گۆشەنیگای خۆی بۆ ئەو بابەتە دەنووسێتەوە.

زۆرینەی بابەتی ئەو نمایشانەش بابەتی سیاسین و هەوڵدانن بۆ جووڵاندنی ڕای گشتی دەرهەق بە پرسێکی سیاسی و ئاراستەکردنی خەڵک بەو ئاقارەی خزمەت بە ئایدیای ئەو گرووپە شانۆییە دەکات، کە دەشێت لە بنەڕەتەوە هەڵگری ئایدیای تایبەتمەندو ئاراستەیەکی سیاسی دیاریکراو بن، هەندێ جاریش ئەم جۆرە نمایشە بۆ چەندان بواری تر بەکاردەبرێت، وەک کێشە کۆمەڵایەتییەکان و گرفتی ئابووری و کولتووری و مەعریفی.

بەهەر شێوەیەک بێت ئەم تەرزە نمایشە بەشێکی زۆری کوالێتی هونەری خۆی لەدەست دەدات و بابەت و مژاری نمایش بایەخی بنەڕەتی هەیە و شانۆ وەک هونەر لەم تەرزە نمایشە وەزیفەکەی لەوە زیاتر نییە کە بتوانێت سەرنجی خەڵک ڕابکێشیت و ببێتە پردێک بۆ گەیاندنی بابەت و ئەو پەیامە سیاسییە کە نمایشەکە خوازیارە بیگەیەنێت.

هەر لەبەر ئەمەیشە لە زۆرینەی فیستیڤاڵە شانۆییەکانی شەقام ئەم جۆرە نمایشە نابینرێت، لەبەر ئەوەی لەڕووی هونەرییەوە کوالێتی نزمە و ناتوانێت پێشبڕکێی بردنەوەی خەڵاتەکان بکات، بەڵام لە واقیعدا ئەم تەرزە نمایشە گونجاوترین نمایشە بۆ شەقام و دەتوانێت گەورەترین کۆنتاکت لەگەڵ بینەر دروست بکات و بینەر بخاتە نێو فۆرمی بەڕێوەبردنی نمایش و بوونی لە شەقام بوونێکی بەهێز و لۆژیکییە و باشترین نمایندەی شانۆیە لە شەقام.

یەکەم گۆڕانکاری لە سەرەتای دەستپێکی نمایش و ساتەکانی پێش دەست پێ کردنی نمایش دەست پێ دەکات، ئەم نمایشە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت لە شەقام دەبێ لە سەرەتای نمایش و پێش نمایشیش لەڕووی ڕەنگ و دەنگەوە ئیعلانی بوونی خۆیان لە شەقام بکەن، ئەوەش بەوە دەکرێت کە دەنگێکی جیاواز لەو دەنگانەی شەقام دروست بکەن بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک بۆ نمایشەکە و دەستپێکی نمایشەکە ڕابکێشن، دەکرێت ئەو دەستپێکە دەنگییەش لە ڕێگەی گۆرانی، یان موزیک، یان هەر دەنگێکی بەرزی ترەوە کە ئیقاعی جیاواز بێت لە دەنگەکانی شەقام و کاردانەوە لای گوێگر دروست بکات و بەدوای سەرچاوەکەیدا بگەڕێت.

گۆڕانکاری دووەمیش کە لە ڕێگەی ڕەنگەوە دەکرێت لە جلوبەرگ و ماکیاژدا ڕەنگ دەداتەوە، جلوبەرگ فاکتەرێکی گرنگی سەرنجڕاکێشانی بینەرە لە شانۆی

شەقام، دەرچوون و جیاوازبوون لە فۆرمی ئاسایی لە ڕێی جلوبەرگەوە وا دەکات بینەر وەک کەسێکی فزوولی بەدوای نهێنی ئەو جلوبەرگە بکەوێت و هەوڵ بدات تێبگات ئەو کەسانە بۆ لەو شوێنە بەو شێوە جیاوازە جلیان پۆشیوە، کە لەگەڵ جلوبەرگی ئاسایی خەڵکی ئەو شوێنە ناکۆکە نمایشەکەی تێیدا بەڕێوە دەچێت.

ئەمە جگە لەوەی جلوبەرگ کاریگەری گەورەی لە دروستکردنی فۆرمی کۆمیدی نمایش هەیە، کە دواتر لە قسەکردن لەسەر بابەت و مژارەکانی شانۆی شەقام هەڵوەستەی لەسەر دەکەین.

ڕەگەزێکی تری گرنگ و جیاوازی ئەم نمایشە کاتێ دێتە سەر شەقام، ماکیاژە، ماکیاژ لە شانۆی شەقام هاوشانی جلوبەرگ وەزیفەی گەورەی لەسەر شانە و زۆرجار هاوشانی جلوبەرگ لە گەیاندنی پێناسەی کارەکتەرەکان و بابەتی نمایش بە بینەر بەرپرسیارە، بە تایبەتی ئەو بینەرەی کە ناتوانێت لەبەر غەڵبەغەڵب و دەنگەدەنگی شەقام گوێی لە دیالۆگ بێت، یان ئەو نمایشانەی کە لەبنەڕەتەوە دیالۆگیان تێدا نییە و جەستەی ئەکتەر و جووڵە و دەنگ و فۆرمی نمایش دەبێتە جێگرەوەی دیالۆگ بۆ گەیاندنی بابەتی نمایش، لە هەندێ نمایشیشدا ماسک بەکاردەهێنرێت کە شێوازێکی تری بەکارهێنانی ماکیاژە، بێجگە لە وەزیفەی پێناسەکردنی کارەکتەرەکان، وەزیفەیەکی تری سیمیۆلۆژی هەیە و هەندێک جاریش زیاتر لە ڕەسمکردنی فۆرمی کۆمیدی نمایش سوودی لێ وەردەگیرێت.

مامەڵەکردن بە دەنگ و موزیک و گۆرانی ڕەگەزێکی گرنگی جیاوازی نمایشی نێو هۆڵ و نمایشی شەقامە، دەنگ و موزیک و گۆرانی یەکێکن لە بنەما سەرەکییەکانی شانۆی شەقام و هەندێک جار تەواوی نمایش لەسەر ئەو ڕەگەزە بینا دەکرێت و موزیک و گۆرانی شوێنی دیالۆگ دەگرنەوە و وەزیفەی دیالۆگ ئەدا دەکەن لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکانی نمایش و دروستکردنی فۆرمی نمایش، جیاواز لەوەش لە نمایشی شەقامدا هەمیشە ئامێرە مۆسیقییەکان بە بەرچاوی بینەرەوە دەبن و دەبنە بەشێکی گرنگی فۆرمی نمایش و ناخرێنە پشت کەوالیسەکانەوە، زۆرینەی ستافی نمایش خۆیان لە بەرهەمهێنانی دەنگی نمایش بەشدار دەبن، واتە زۆرینەی دەنگەکان لە ڕێی ئەکتەر و ژەنینی ئەکتەرەکانەوە بەرهەم دێن، بۆیە جیاوازییەکی گەورە لە وەزیفەی دەنگ لە شانۆی شەقامدا هەیە بە بەراورد بە شانۆی نێو هۆڵ، ڕەنگە لە هەندێ نمایشی نێو هۆڵ دەنگ و موزیک و گۆرانی کاریگەری گەورە و سەرەکییان هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەنگ و موزیک لە زۆرینەی نمایشی دیکەدا ئەو پێگەیەی دەستناکەوێت، بەڵام لە شانۆی شەقامدا پێگەی دەنگ و موزیک و گۆرانی پێگەیەکی بەهێزەو خاڵیکردنەوەی نمایشی شەقام لەم ڕەگەزە گرنگانە بەشێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی شانۆی شەقام ئاڵۆز دەکەن.

چەند ڕەگەزێکی دیکە لە شانۆی شەقام جیاوازی دروست دەکەن و خەسڵەتی شەقام بە نمایشەکان دەدەن، سەما و هەڵپەڕکێ و هەڵپەڕکێی میللی یەکێکە لەو ڕەگەزانە کە بەزەقی لەنێو نمایشەکانی شانۆی شەقامدا ئامادەییان هەیە، هەندێک جار ئەم ڕەگەزە لە پاڵ وەزیفەی درامی، وەزیفەی تری کولتووریشیان هەیە لە ناساندن و پێناسەکردن و خوێندنەوەی مێژووی دوور و نزیک و وەبیرهێنانەوەی دابونەریت و فۆرمە کۆنەکانی ژیان، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە کاتێ تۆ فیستیڤاڵ بۆ شانۆی شەقام دروست دەکەیت و کۆمەڵێک کولتووری جیاواز لە زەمەن و ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا دروستکراوە.

ڕەگەزێکی تر کە شانۆی شەقام لە شانۆی هۆڵ جیادەکاتەوە، ئیقاع و ڕیتمی نمایشە، زۆرینەی کات شانۆی شەقام بەوە دەناسرێتەوە کە ئیقاعێکی تایبەت و خێرای هەیە و فۆرمەکانی بەخێرایی دەگۆڕێن و وێنە شانۆییەکان وەک برووسکە و بەخێرایی بەدوای یەکدا دێن و نمایش هەوڵ دەدات لە کەمترین ماوە زۆرترین وێنە لای بینەر دروست بکات و سەرنجی ڕابکێشێت، ئەمەش بەوە دێتە دی کە هەموو ئەو ڕەگەزانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن هاوکارین لە دروستکردنی ئیقاعێکی پڕ لە زیندوویی و ژیانی بەردەوام، ڕیتمەکەش لە ئیقاعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی زۆر خێراتر بێت.

کات و زەمەنی نمایشیش کاریگەری خۆی لە دروستکردنی فۆرمی شانۆی شەقام هەیە، کارێکی سەختە تۆ بینەرێکی زۆر بۆ ماوەیەکی درێژ بەدیار نمایشێکی شەقام بهێڵیتەوە، چونکە لە دەرەوەی فیستیڤاڵە شانۆییەکان کە بۆ شەقام سازدەکرێن، نمایشی شەقام بینەری دیاریکراو و بانگهێشتکراوی نییە، بۆیە زەمەنی نمایش لە ڕەگەزەکانی تر ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە قەناعەت پێکردنی بینەر کە بەدیار نمایشەکەوە بوەستێت و جێی نەهێڵێت، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا بۆ شانۆ لێرە نییە و تەنیا ڕێکەوتێک ئەوی کردووە بە بینەر کە ڕەنگە کاتی زۆری نەبێت بەدیار نمایشەکەوە بگیرسێتەوە.